هەرێمی کوردستان / عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان

اقليم كوردستان / العراق
رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية

ژمارە: ٣٩٨
بەروار: / / ٢٧١

No:
Date: 11 / 7 /2017

بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان

بابەت/باجی کارمەندانی ڕێکخراوەکان

ئاماژە بەکۆنووسی نێوان فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان کە هاوپێچە و نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی باجی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١٥٧) لە ٢٠١٧/٦/١٩ دوای ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە لەسەروەرگرتنی باج لە کارمەندانی ڕێکخراوەکان:

لەبەر ئەوەی ڕێکخراوەکان ساڵانی پێشوو زمێرەی کۆتایی ساڵانەیان داخستووە و کارمەندانی ڕێکخراوەکان زۆربەیان بە گرێبەست کاردەکەن چەندین کارمەند گرێبەستەکانیان تەواو بووە لەڕێکخراوەکان نەماون ئەمە جگە لەوەی کە هەندێك لە ڕێکخراوەکان پابەندبوونە بە پێدانی باج بەپێی ڕێنماییەکان وە بەشێکیان نەیانزانیوە یان پێیان نەوتراوە ئاگادارنەکراونەتەوە یان کەموکوڕی لە خۆیان بووە، داواکارین لە بەڕێزتان هاوکاری ڕێکخراوەکان بکرێت کە ڕۆڵێکی زۆر باشیان هەیە لە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لەم دۆخە قورسەی پێشوو ئێستای هەرێمی کوردستان کە قەیرانی دارایی قوول هەیە لە هەرێمەکەمان، وەبەشێك لەڕێکخراوەکان بەراشکاوانە ئاگادارییان کردووینەتەوە ئەگەر ئاسانکاریان بۆ نەکرێت باجی هەموو ساڵەکانی پێشووتریان لێ وەربگیرێت لەوکاتەدا ئەوان ئامادە نابن بیدەن و وەکو ڕێکخراوەکان ناتوانن بەردەوام بن لە کارەکانیان لە هەرێمی کوردستان و تەنانەت ڕێکخراوەکانیانیش لە هەرێمی کوردستان دەکشێننەوە کە ئەمە کاریگەریەکی نەرێنی دەبێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە داواکارین ساڵی هەژمارکردنی وەرگرتنی باج لە کارمەندانی ڕێکخراوەکان لە ساڵی/٢٠١٧ جێ بە جێ بکرێت بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە باجی کارمەندانیان نەداوە.

لەگەڵ ڕێزدا.......


هەرێمی کوردستان- هەولێر
تەلەفون : 07507090358

www.krgngo.org
info@krgngo.org

Kurdistan Region- Erbil
Phone: 00964 (0) 750 709 0358

**هاوپێچ :**

- کۆنووس
- نووسراوی بەرێوەبەرایەتی باجی کۆمپانیاکان

اكرم محمد جمو

سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان

**وێنەیەک بۆ :**

- ✓ نوسینگەی جێگری سەرۆکی فەرمانگە.. تکایە بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ریزدا.
- ✓ بەرێوەبەرایەتی تۆمار..بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ریزدا.
- ✓ بەرێوەبەرایەتی یاسایی.. بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ریزدا.
- ✓ بەرێوەبەرایەتی دارایی.. بۆ کاری پێویست لەگەڵ رێزدا.
- ✓ بەرێوەبەرایەتی کارگێری.. بۆ ئەرشیف لەگەڵ بەراییەکان.
- ✓ بەشی ئەرشیف و زانیارییەکان..دۆسییەی رێکخراو لەگەڵ ریزماندا.
- ✓ خولاو.

هەرێمی کوردستان/ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری
بەڕێوەبەرایەتی باجی کۆمپانیاکان

Kurdistan Region
Presidency Council of ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of the Taxation & State Real-estate

إقليم كوردستان/ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
المديرية العامة للضرائب وعقارات الدولة
مديريه ضريبه الشريكات

ژمارە : ٤١٥٧     /جۆزەردان /٢٧١٧/     ڕێکەوت: ١٩ / ٦ / ٢٠١٧

## بۆ/سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان
## ب/لێبڕینی باجی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوەکان

ئاگاداری بەڕێزتان دەکەین کەوا بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکان لێبڕینی ڕاستەوخۆی کارمەندەکانیان نەداوە بۆ ساڵانی پێشوو لەبەر ئەوەی زۆربەی کارمەندەکان لە ڕێکخراوەکان نەماون وە بە گرێ بەست کاریان کردووە وە بە لەبەرچاو گرتنی داخستنی ژمێرەی کۆتایی ساڵانەی ڕێکخراوەکان

وە بە پێ ی یاسای باجی دەرامەت ژمارە/١١٣ ساڵی ١٩٨٢ هەموار کراو دەبێت سەرجەم ڕێکخراوەکان باجی لێبڕینی ڕاستەوخۆی کارمەندەکانیان بدەن لە بەرواری دەست بە کاربوونیان بەڵام تاوەکو ئێستا نەیان داوە.

وە پاش کۆبوونەوە لەگەڵ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان داوا دەکەن کەوا بۆ ساڵانی پێشوو سەرجەم کارمەندەکانیان لە باج ببەخشرێن وە لە بەرواری ٢٠١٧/١/١ وە باجیان لەسەر بچەسپێ وە پێمان باشە میکانیزمێک بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە دابنرێت فەرمانی بەڕێزتان.

هاوپێچ//
کۆنووسی کۆبوونەوە.

ڕابەر صدیق محمد
بریکاری وەزارەت بە وەکالەت
٢٠١٧/٦/

وێنەیەک بۆ//
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بە وەکالەت ..بۆ زانین .
- نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی باجەکان وخانووبەرەی میری..بۆ زانین .
- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان ..بۆ زانین
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری ب.باجی کۆمپانیاکان لەگەڵ سەرەتاکان.
- دۆسیەی سوڕاو.

Hawzhin

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

THE PRIME MINISTER

حکومەتی هەرێمی کوردستان

سەرۆك وەزیران

No:

Date: 12 \ 6 \ 2017

ژمارە: ٢٦١٧

ڕێکەوت: ٢٢/ جۆزەردان / ٢٧١٧ی کوردی

﴿ فەرمان ﴾

لەسەر داوای وەزارەتی دارایی و ئابووری و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی مافی گەنجینەی گشتی هەرێم، پاڵپشت بە ماددەی (٤٥) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ی هەموارکراو و، ئاماژە بە پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ (پەیڕەوی لێبڕینی ڕاستەخۆ لەسەر داهاتی کارمەندانی کەرتی تایبەت) بڕیارماندا بە:

- دواخستنی سووی دواکەوتن (الغرامة التأخيرية) بۆ پێدانی باجی ئەمساڵی داهاتی کارمەندانی کەرتی تایبەت لە کۆتایی وەرزی یەکەمی دارایی (٢٠١٧/٤/٢١) بۆ کۆتایی وەرزی دووەمی دارایی (٢٠١٧/٧/٢١) لەبەر دواکەوتنی دەرچوونی پەیڕەوی ئاماژەپێکراوی سەرەوە.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکات لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

وێنەیەک بۆ:

- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت وەزارەتەکان/ بۆ ئاگاداری و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/لەگەڵ ڕێزدا...
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران/ لەگەڵ ڕێزدا...
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران/ لەگەڵ ڕێزدا...
- گشت دەستەو دەزگاو فەرمانگەکانی نەبەستراو بەوەزارەتەکان/بۆ ئاگاداری وکاری پێویست بەپێی پەیوەندی/لەگەڵ ڕێزدا...
- خولە.